# ڕێبەری هەژموون و دەسەڵات

**ڕانانی: سۆما سالار**

ڕێبەری هەژموون و دەسەڵات نامیلکەیەکە لە بڵاوکراوەکانی ژنانی سۆشیال دیموکراتی سویدو لەلایەن نیگار عومەر وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، سەرەتای نامیلکەکە بەوە دەستپێدەکات دەسەڵات شتێکی قێزەون نییە و مایەی شەرمەزاری نییە، بە مەرجێك بە خراپی بەکارنەهێنرێت، گومانی تێدا نییە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ژنان لە جیهانی ئێستادا هەوڵدانە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، بەڵام بە هەر شێوەیەك کاتێك ژن لە دەسەڵات نزیك دەبێتەوە، دەبینین دەسەڵات بە شێوەیەکی زۆر چاوەڕوان نەکراو خۆی وندەکات و شوێنەکەی دەگوێزێتەوە، بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەی ورد بکەین لەسەر ئەو بابەتە.




ئەم نامیلکەیە ڕوونکردنەوەی تەواوی تێدایە لەسەر شێوازی مامەڵەکردنت لەگەڵ ئەو فێڵ و کێشانەی کە هەیەو ڕووبەڕووت دەبێتەوە، لەکاتی کارکردنت بۆ بەجێگەیاندنی داواکارییەکەت.

هەروەها لەم نامیلکەیەدا ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی خۆ کاندید کردن و خۆ پاڵاوتن لە هەڵبژاردنەکان و هەوڵدان بۆ سەرۆکایەتی هەر لە سەرۆکی لیژنەیەکەوە بیگرە تا دەگاتە سەرۆکی وڵاتێك، یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کە لەم نامیلکەیەدا ئاماژەی پێکراوە کارکردنە لەو لیژنانە بە شێوەیەکی خۆبەخشانە، تاوەکو بتوانی ئامانجەکان بە باشی بپێکی، لەگەڵ ئەمەشدا کاندید کردنی ناوی ژنان و پیاوان پێکەوە و کارکردنیان بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا پلەو پۆست بەدەستبهێنن، تەنانەت ئاماژە بە گرنگی ئەمە کراوە کە ناوی ژنان لە لیستەکاندا پێش ناوی پیاوان بکەوێت.